# یێك گەل و دو نمونەی جییاواز!

ئەیوب بارزانی

Sercawe:  www.lvinpress.com

ئەم دو نمونەیە: کوردستانی رۆژ ئاڤا و کوردوستانی باشور. دو بوچونی جودان.

گەلی کورد لە رۆژئاڤا و باشور لە ژێر هەمان دەسەلاتی بەعس ژیاون، سەدام حوسەین لە بەغدا، بنەماڵی ئەسەد لە دیمشق. هەردو رژێم هەولیان داوە کورد نەمینی، چ بە جەك ، بە مێتودی رامیاری و ئابوری ، یانیش بە هەر سێ ئامراز وەك تەواوکەری یەکتر.

هێزی هاوپەیمانەکان لە سالانی 1991 و 2003  سوپاو و سیستەمی بەعسیان لە عیرا ق تێشکاند، زەلیل وسوك کرا وروخاند، گەلی کوردیان لە باشور پاراست و فرسەت یان پێدا  کە سیستەمێکی دیموکراسی وداد پەروەر وپێشرەو دامەزرێنی.

هەلومەرجی ناو خۆ و هەرێمی ونیودەولەوتی لەباربو بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکرات،  دەسەلات و ئۆپوزیسیون رولی خویان بگێرن، لە سەر بناغەی یاسا ودستورێکی هاوچەرخ لە باشور، کلیلەکانی ئەم پروژەیە درانە دەست بەرپرسەکانی سەرەکی حزبەکانی باشوری کوردستان. دەسەلاتی لەشکری، رامیاری، ئابوری بە ملیارەها دولار تەسلیم بەم بەرپرسانە کران. پرسیار ەکە: ئەم سەرکردە حیزبیەکان چ نمونەیەکیان  هێنایە کایەوە؟ چ نمونەیەك  پێشکەش کرا بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە ماوەی ئەم  24 سالەدا؟ کۆمەلگای باشور لە ژێر فشاری ئەم سەرکردانەی بێ لەغاوی یاسایی، چی لێ هات، لە روی ولات پارێزی ، رەوشت و بەهای مروڤایەتی و خەمخوری ئایندەی گەل وولات؟

هەولەکان بۆ ژیانی دیموکراسی زو توشی ئاستەنگ بون. کە (ترۆیکا) بو بە سیستەمی دەسەلات لە باشور (باوك +کورِ+ زاوا) کومەلگای باشور دەرکەوت هیچ (مەناعەی) نیە دژی دەسەلاتی کلیپتوکرات، – دەسەلات دزی لە میلەتی خۆی دەکات – ژیانی موچەخووری کە تەنیا رێگایە بۆ ژیان لە باشور، بە تەواوی لە ژێر کونترولی سەرکردە کلیبتوکراتەکانە. حیزبەکان بە ئوپەزیسیونی پێشوو— کە ئێستا چوتە ناو دەسەلات – موچەخورن، زوربەی رەوشەنبیر موچەخورە، ئەم جورە سیستەمە باشترین خاکە بو پەیدابونی ڤایرۆسی هەلەپەرستی، ترسنوکی، ناراستگویی و لاوازی تاکە کەس ، تێکدانی پەروەردەی  ساخلەم . میدیای سێبەری چەوت هەمو قوژبنێکی کومەلگای گرتۆتەوە. کلیپتوکراتی باشور  خۆی بە بەرپسیار  نازانێ لە زنجیرەی شکەستەکان: لەشکری و ئابوری ودارایی، نەیهێشت هێزی پێشمەرگە لە بازنەی ملیشیا رزگاربێ بەرەو سوپایەکی نیشتمانی یەکگرتوی کوردوستانی. تا ئەمرو دەزگا ئەمنیەکان و بودجەی هەرێمیان مۆنوپولی کردووە.

نمونەی روژئاڤا، شەرڤانەکان دەجەنگن لە پێناوی گەل و ولات، بە هیچ شێوەیەك موچەخور نین و چاویان لە کۆکردنەوەی پارە وپول نیە. رادەی گەندەلی (پیسخوری)  سفرە. پێش ماوەیەك سەرەدانەکی شوێنەکم کرد، ئەوەی بینیم یەکسانی لە ناو ئەندامی پلە هەرە بەرز   وپلەی ئەندامانی گریلایەکی سادە، هاوشێوەن، خواردن ، خەوتن ، جلو بەرگ، هتد. هوشیاری رامیاری تەواویان هەیە چون ئەرکی خویان جێبەجێکبکەن.
باکور و روژئاوا لێکولینەوە یان کردووە بو خو پاراستن لە ئەزمونی دووبارەنەبونەوەی نمونەی باشور ، و گەلەکەیان بپارێزن لە کانسەری پیسخوری و دەسەلاتی کلیپتوکرات کە رەگی داکوتاوە لە باشور ، وە ئێستا گورِینی ئاسان نیە بە بێ قوربانیدان.
ئەم دو نمونەیە ئەتوانن دەرس و عیبرەت بە یەکتر بدەن، لە زۆر بوارەوە، ئەوەی لە باشور روی دا، گرنگە لە روِژ ئاڤا رونەدا.

**پرسیار ئەوەیە لە باشور زۆر ئەستەمە بتوانێ لە ناو دەسەلاتی کلیپتوکرات بلێ کێ گەندەل نیە !**

**لە روژئافا وەلامەکە پێچەوانەیە، زۆر ئەستەمە بتوانێ بلێی کێ گەندەلە !**